# بانکی پرسیار

# بەشی فەلسەفە/ زانکۆی سەلاحەدین/ قۆناغی سێیەم/ بابەتی تیۆری زانینی زانستی.

1. رۆڵ و گرنگی مەعریفە بۆ ژیانی مرۆڤ چیە؟
2. دەگوترێ مەعریفەی زانستی رۆڵێکی دیاری هەبوووە لە بەرەوپێشبردنی ژیانی مرڤایەتیدا. ئەمە چۆن رونی بکەرەوە.
3. ئایا بنەما پێشکەوتنەکانی ژیان پێشکەوتنی هزرە؟
4. ئەو پێشکەوتنە زانستیانەی مرۆڤایەتی بەدیهێناوە لە ئەنجامی چی و لە کوێوە سەریهەڵداوە؟
5. رەوشی بەدەستهێنانی مەعریفە لە چاخی کۆندا چۆن بووە؟ باسی بکە.
6. بە کورتی باس لەرەوشی مەعریفەتناسی لەسەردەمی سەدەکانی ناوەراست بکە.
7. مەعریفەی چاخی دێرین چ سودێکی بۆ ژیانی کۆن و ئێستا هەبووە؟
8. بە کورتی باس لەرەوشی مەعریفەتناسی لەسەردەمی سەدەکانی ناوەراست لە جیهانی ئیسلامی بکە.
9. بە کورتی باس لەرەوشی مەعریفەتناسی لەسەردەمی سەدەکانی ناوەراست لە ئەوروپا بکە.
10. هەندێک لە هزرمەندانی جیهانی ئیسلامی بناسێنە کە لەسەردەمی سەدەکانی ناوەراست خزمەتیان بە رەوتی مەعریفەی زانستی کردووە.
11. ئەو پرسیارانە چی بوون کە(اخوان سەفا) بۆ توێژینەوە خستیانە روو هەروەها سودی چی بوو؟

12. لەسەردەمی سەدەکانی ناوەراست پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئاین بە چەند قۆناغێکدا گوزەری کرد، ئەو قۆناغانە چی بوون باسیان بکە.

13. بە کورتی باس لەرەوشی مەعریفەتناسی لەسەردەمی رێنیسانس بکە.

14. دەگوترێ ئەو گۆرانکارییانەی لەسەردەمی رێنیسانس لە ئەوروپادا رویاندا هەروا لەخۆرا و لە پریکدا نەبووە، ئەمە رون بکەرەوە.

15. بۆ قۆناغیک لە مێژوی رۆشنگەریدا بە رێنیسانس ناو دەبرێت؟ مەبەست لەمە چیە بەکورتی لە بارەیەوە بنوسە.

16. لەسەردەمی رێنیسانس لە ئەوروپادا دوو قوتابخانەی هزری لە بواری مەعریفەتناسی لە ئارادا بوون، باسیان بکە و جیاوازیی فکرییان دیاری بکە.

17. باس لە رێنیسانس و دەستپێکی شۆرشی زانستی بکە.

18. رۆڵی هەریەکە لە کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و نیوتن لە بواری مەعریفەی زانستی روون بکەرەوە.

19. مەبەست لە زانست چیە؟ باسی بکە.

20. بەرای تۆی قوتابی زانست چی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە؟

21. بەرای تۆی قوتابی زانست لە مرۆڤایەتی ستاندووە؟

22. تایبەتمەندییەکانی زانست چین؟ دیارییان بکە و باسیان بکە؟

23. ئامانجە سەرەکیەکانی زانست چین؟ بە کورتی لە بارەیانەوە بنووسە.

24. تایبەتمەندییەکانی مەعریفەی زانستی چیە؟ باسیان بکە.

25. چەند خاڵێک(    ) لە تایبەتمەندییەکانی مەعریفەی زانستی باس بکە.

26. تروانینی زانستی دەبێ تایبەتمەندی خۆی هەبێ، ئەو تایبەتمەندیانە چین؟ باسیان بکە.
27. مەبەست لە تیۆری زانستی چیە؟ باسی بکە.
28. ماهیەتی تیۆرە زانستیەکان چی لە خۆدەگرێت؟ رونی بکەرەوە.
29. مەرجەکانی تیۆری زانستی دیاریبکە و راڤەیان بکە.
30. ئەو قۆناغانەی بە قۆناغی بونیادنانی تیۆری زانستی دادەنرێت چیین، باسیان بکە.
31. راڤەی تیۆری مەعریفەی زانستی بکە.
32. راڤەی تیۆری مەعریفەی فەلسەفی بکە.
33. جیاوازی نێوان تیۆری مەعریفەی زانستی و تیۆری مەعریفەی فەلسەفی چیە؟ بەکورتی لەم بارەوە بنووسە.